دکتۆر هەڵکەوت حەکیم مامۆستای زانکۆی سۆربۆن لە پاریس.

# دەسەڵاتی تەریقەتی نەقشبەندی سنووری ئەمارەتە کوردیەکانی تێپەڕاندبوو

دکتۆر هەڵکەوت حەکیم مامۆستای زانکۆی سۆربۆن لە پاریس.

_ ١٩٥٠ لە خانەقین لە دایك بوە.

_ ١٩٧٢ کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدای تەواوکردوە.

_ ١٩٧٨ چووەتە ئەووڕپا (فەرنسا).

_ ١٩٨٠ ماستەری وەرگرتوە لەسەر (لایەنە سیاسیەکانی نەقشبەندی خالدیە).

_ ١٩٨٣ دکتۆرای وەرگرتوە لەسەر سەرهەڵدانی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان (زانکۆی سۆربۆن).

_ ئێستا سەرۆکی بەشی کوردی و مامۆستای زمانی کوردیە لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس و ئەندامی بنکەی لێکۆڵینەوەی زانستیە لە فەرەنسا.

دیمانە : ئارام عەلی سەعید ـ سلێمانی
aramee_ali@yahoo.com

کاتێك باس لە تەریقەتی نەقشبەندی دەکرێ ڕاستەوخۆ مەولانا خالید ئامادەیی دەبێت، لەبەرئەوەی زەمینە و سەرهەڵدانی ئەم ڕێڕەوە مەولانا لە زۆربەی نێوچەکانی وڵاتانی دەوروبەرو کوردستاندا ڕابەرایەتی کردووە، دکتۆر هەڵکەوت حەکیم پسپۆڕە

لـەو بـوارەداو نامـەی ماسـتەر و تێـزی دکتۆراکـەی لـە ئـەوروپا بـۆ ئـەم ڕەهەندانـە تەرخانکردووە، ناوبراو لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤـاری (کـۆچ ) دا بـاس لـە بنـەماکانی سەرهەڵدانی تەریقـەتی نەقـشبەندی و کاریگـەری مـەولانا لەسـەر بڵاوکردنـەوەی ئـەم تەریقەتە دەکات، ئەو پێی وایە کەسایەتی کاریزمی مەولانا ڕۆڵـی کاریگـەری بینیـوە لەگەشەکردن و ناساندنی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان و وڵاتانی تری دنیـا، لـەم دیمانەیـەدا کۆمـەڵێك تێـز و پرسـی گـرنگ تایبـەت بـە مەولاناخالیـد و کاریگـەری تەریقەتەکەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو مێژووی سیاسییدا دەخوێنیتەوە .

کۆچ : بایەخ و گرنگی هاتنی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ نێو کوردستان لە کوێدا بوو، لە کاتێکدا کورد مێژویەکی چەند سەد ساڵەی لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا هەبووە؟

دکتۆر هەڵکـەوت : تەریقـەتی نەقـشبەندی لـە پـێش سـەدەی نـۆزدەوە لـە کوردسـتان هەبووە، بەڵام نەیتوانیوە بە شێوەیەکی پەرەسەندو ناوبانگ دەربکـەوێ. دوای ئـەوەی لە کوردستانی خوارو سەریهەڵدا، کە سەرەتای سەدەی نۆزدە بوو، یەکەم جـار گەیـشتە شاری سلێمانی. پێش هاتنی ئەم تەریقەتە تەریقەتێکی کۆنتر هەبوو لە کوردسـتان کـە لە دەوروبەری سەدەی سیازدەوە بڵاوبووبووەوە (قادری) هەمـوو تەریقەت و بیروبـاوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکیش تاوەکو ماوەیەك دەتوانێ بەردەوام بێ و پاش ماوەیەك خـەڵکی لێـی دوور دەکەونەوە بە شێوەیەك کە بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێن . سروشتی مرۆڤ و فیکـر و پێوەندییـە کۆمەڵایەتیـەکان ئەمـە دەخوازێت. هۆکـاری گەشـە و بڵاوبونـەوەی ئـەم تەریقەتەش لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چـەند هۆیـەك . هـۆی یەکـەمیان ئەوەیـە کـە تەریقەتی قادری کۆن ببو نەیدەتوانی تازەگەری پێ بێت بۆ خەڵکی کەلەو کاتەدا شـتی نـوێ یـان دەویـست . لـە بـارودۆخێکی دژواردا دەژیـان بـەهۆی پەیوەنـدی نـاوەوەی بابانـەکان، پەیوەنـدیان لەگـەڵ هێزەسیاسیـەکانی دەرەوە، بـەغـا، ئێـران و دەوڵـەتی عوسمانی . هۆیەکی تر ئەوەیە کە تەریقەتی قادری ببوە تاکە تەریقەتی دەسـتەڵات لـە

کوردستان و شوێنانی تریش. بەڵام دوایی پیاوێك لە بەرامبەر ئەمەوە دروست بوو کە وەکو کەسایەتیەکی کاریزمایی دەرکەوت و زیرەکیەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو. ئا لەوکاتەدا توانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر خەڵکی بکات لە ڕووی ڕۆحیەوە و کەسانی قادری هەڵگەڕانەوە و بوونە نەقشەبەندی. مەولانا توانی قەناعەت بە کۆمەڵێك خەڵکی زۆر بهێنێ و بیانهێنێتە نێو تەریقەتەکەیەوە. سەرباری بڵاوبوونەوەی ئەو هەموو نوسراوو دەستنووس و کتێبەی کە لە ئەنجامی دوژمنایەتی نێوان مەولانا و شێخ مارفی نۆدێ ناوبانگێکی گەورەی بەخشیە مەولانا خالید و تاوەکو ئێستاش ئەو دەستنووسانە ماونەتەوە. ئەو زەروورەتی مێژووییەی باسی ئەکەی من باوەڕم پێی نیە تاوەکو تەریقەتی نەقشبەندی زەرورەتی مێژوویی بووبێت بۆ ئەو قۆناغە بەو شێوەیە بۆ مێژوو ناڕۆم ئەوکاتە هەرشتێکی تازە سەرکەوتنێکی بەدەست دەهێنا ئەگەر نەقشبەندیش نەبوایە ڕەنگە (کوبرەویە) بوایە هەمان ئەنجامی دەبوو. ئەگەر مەولانا خالید نەقشبەندیشی نەهێنایە و شتێکی تری بهێنایە ئەوا هەر سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. زەرورەتی مێژوویی بووە بۆ ئەوکاتە ئەوە وانیە هەروەکو چۆن قادریش زەرورەتی مێژوویی بووە بۆ ئەو قۆناغە. ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کەلەمێژودا سێ لایەنی گرنگ هەن کەیەك دەگرنەوە و شتێکیان بزووتنەوەیەك دروست دەکەن : بارودۆخ ، خەڵك و کەسێك کەبیەوێ و بتوانێ پێوەندی نێوان خەڵك و زرووف بهەژێنێ و هەردووکیان بەرەو بارێکی تر ببا. زۆرجار لەمێژوودا ڕووی داوە کە بارودۆخەکە و خەڵکەکە لە ئارادا بون و ئامادەبوون بۆ جووڵانەوە ، بەڵام کەسەکە نەهاتووە و دەرنەکەوتووە . یان کەسەکە خەڵکی ورووژاندۆتەوە بەڵام بارودۆخەکە ڕێی نەداوە.

کۆچ : بەپێی بۆچونەکانی ئێوە بێت تەریقەتی نەقشبەندی لە قاڵبێکی دینیەوە چوارچێوەیەکی سیاسیشی وەرگرتوە؟

دکتـۆر هەڵکـەوت : بێگومـان نەقـشبەندی وەك هـەموو بیروباوەڕێـك دوای ماوەیـەك دەچێتە قاڵبی ئایدۆلۆژی سیاسیەوە. ئەم تەریقەتە دەسەلأتی ئـابوری و ئـاینی و بـیر و ڕێکخستن و کۆکردنەوەی خەڵکیان هەبوو ئەمەش وای دەکرد کـە توانایـەکی سیاسـیان هەبیّ.

کۆچ : ئەم ڕێرەوانە قادری و نەقشی کاتیّ سەریان هەڵدا بۆچـی نـەیان دەتـوانی بگەنـە ئاستێك بۆ بەرەو پێشبردنی دۆزی سیاسی؟

دکتۆر هەڵکەوت : ئەوکاتـە بیروبـاوەڕی قـادری و نەقـشبەندی نـەیان دەتـوانی بگەنـە ئاسـتێك کـە بیروبـاوەڕی دۆزی سیاسـی و دەسـتەلأت بەرجەسـتە بکـەن ئـەو کاتـە تەریقەتەکان نەدەگەیشتنە ئاستی بەهێزی دەستەلأتی سیاسی چ لەناو کورد و چ لـەناو دەوڵەتی عوسمانیشدا ڕێگریان هەبو.

کۆچ : بەلأم تەریقەتی نەقـشبەندی نەخشی خـۆی لـە هەنـدیّ شۆڕشـدا بەرجەسـتەکرد وەکو شۆڕشی شێخانی نەهری ١٨٨٠ ؟

دکتـۆر هەڵکـەوت : ئـەوە ڕاسـتە تەریقـەتی نەقـشبەندی شۆڕشـی شـێخ عوبێـدولأ و تەریقەتی قادری شۆڕشی شێخ مەحموودیان بەڕێوە برد. ئەوە پاش زیاتر لـە نیـو سـەدە لــە سـەرهەڵدانی نەقـشبەندی دەسـتی پـیّ کـرد و سـی سـاڵێك پـاش لەناوچـوونی ئەمارەتەکان . بـەلأم پەرەسـەندنی بیرێـك لـە قۆنـاغی ئاینیـەوە بـۆ قۆنـاغی سیاسـی ماوەیـەکی زۆری دەوێـت گـۆڕانی زۆری پێویـستە لـە نـاو کۆمـەڵگادا. بـۆ نموونـە بیروباروەڕی شێخ مەعروفی نۆدیّ کـەم تێکـەڵی سیاسـەت بـوو بـەلأم سـەدەیەك دوای شێخ مارف ئەوەبوو کوڕەزاکەی لە کوردستان دەستەلأتی سیاسـی بـەڕێوەدەبرد. لەبـەر ئـەوە پەرەسـەندنی بـیری ئـاینی بـەرەو بیرێکـی سیاسـی ماوەیـەکی زۆری دەوێـت و ئامادەبونێکی تەواوی جەماوەریشی دەوێت .

كــۆچ : باســی شــێخ عوبێــدوڵڵات كــرد بۆچــی ئــەو لــە هــەموو ســەركردە سیاســی و سەربازییەكانی كورد زیاتر ڕەنگدانەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر دەركەوت ؟

دكتــۆر هەڵكــەوت : شــێخ عوبێــدوڵڵا دەســتەڵاتەكەی لــە تەریقەتــەوە هــاتبو چــونكە تایبەتمەندی ئەو تەریقەتە وایكردبوو كە دەستەڵاتی لە سنوری ئەمارەتــەكانیش دەچــوە دەرەوە. ئەمــەش دەســتەڵاتێكی ڕۆحــی گــەورەبو. مەولاناخالیــدیش كــاتێ دەســتیكرد بەبڵاوكردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی هەشــت ســاڵی نەخایانــد كــە چــەندین خەلیفــە و موریدی بــە ولاتــانی دنیــادا بــڵاو كــردەوە. ئــەوە وا دەكــات دەســتەڵاتە سیاســیەكەش گەورەتربێ وەكو ئەوەی شێخ عوبێدوڵلا نەهری.

كۆچ : پێت وا نیە گەڕانی مەولانا بە ئێــران و هندیــستان وســوریا و هەنــدێكی تــر لــە ولاتانی عەرەبی زیاتر ناوبانگیان گەورەتر نەكرد؟

دكتۆر هەڵكەوت : ناساندنی مەولانا لە جیهانی ئیسلامیدا لە دوای ١٨١١ز بــوو كــە دەستی كرد بە بانگەوازكردن بۆ تەریقەتەكەی هــەروا هەڵوێــستی دەوڵــەتی عوسمــانیش كاریگــەری هــەبوو لــەو ناســاندنەدا بــۆ نموونــە داود پاشــا بــوو بــە موریــدی مــەولانا هەرچەندە لێی دەترسا ئەوەبوو لە ١٨٢٠ كە گەڕایەوە بۆ بەغــدا خــەڵكێكی زۆری لــە دەوری خۆی كۆكردەوە تاوەكو وای لێهــات دەســەلاتی عوسمــانی نامــەی نــارد بــۆ داود پاشا والی بەغدا كە دەڵــێ : ژمارەیــەكی زۆری خەلیفــەی مــەولانا خالیــد لــەم نــاوەدا بڵاوبوونەتەوە ئایا ئەمانــە مەترســیان هەیــە لەســەر دەوڵــەتی عوسمــانی یــان نــا! داود پاشاش وەڵاَم دەداتەوە دەڵی بێخەمبن .

كۆچ: بەبۆچونی تۆ عوسمانیەكان پێیان خۆش بوو مەولانا گەڕایەوە بۆ بەغدا یان نا؟ لــە كاتێكــدا بــەهۆی نــاكۆكی لەگــەڵ لایــەنگرانی تەریقــەتی قــادری لــە ســلێمانی بــە ناچاریەوە ڕوی لە بەغدا كرد؟

دکتۆر هەڵکەوت : عوسمانیەکان پێیان خۆش نەبوو کە مەولانا خالید لە سلێمانی دەرکرا بەڵکو پێیان باشبوو لەویٚ بێت چونکە ئەو ناکۆکیەی نەقشبەندی و قادری لە ناو ئەمارەتی بابان بو دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری دابوو کە ئەمارەتەکان نەمێنن .

کۆچ : تێبینی دەکەین مەولاناخالید کاتیٚ خەلیفەکانی ناردوە بۆ ناوچە جیاوازەکانی هەندیٚ لە ولاٚتانی ئیسلامی ژمارەیەك خەلیفەی دیاری بۆ ناوچە کوردیەکان ناردووە بەبۆچونی ئێوە ئەوە لە هەست و سۆزی کوردایەتیەوە سەرچاوەی گرتوە؟

دکتۆر هەڵکەوت : لەو باوەڕەدام مەولانا خالید هەستێکی کوردی ناسکی هەبووە چونکە یەکێکە لەوانەی کەنوسینیان بەکوردی لە سلێمانی دەست پێکردووە هەروەها کاتیٚ چووەتە سوریا لە گەڕەکی کورداندا نیشتەجیٚ بووە و کە کۆچی دوایشی کردووە ئەو گۆڕسانەی کە مەولانایان لیٚ بەخاك سپاردوە کراوەتە گۆڕستانی کوردەکانی سوریا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مەولانا پێش مردنی پەیوەندیەکی تایبەتی لەگەڵ کوردەکاندا هەبوە.

کۆچ : مەولانا لە نێو خەلیفەکانیدا دوو کەسایەتی گەورەی پێگەیاند لە ناوچەکانی کوردستاندا، شێخ تەهای شەمزینی لە کوردستانی باکور و شێخ عوسمانی تەوێڵە لە باشوری کوردستان پێگەیاندنی ئەم دووانە بە تایبەتی شێخ تەها دەوری کاریگەری هەبوو لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا لە باکور تا چەند ئەمە ئەجێندای مەولانا بوو بۆ ئەم بزوتنەوەیە ؟

دکتۆر هەڵکەوت : مەولانا شێخ عوسمانی ناردەوە بۆ تەوێڵە نەقشبەندیەکان لە دوای سەفەری مەولانا بارودۆخیان لە سلێمانی خراپ بوو هەر دەبوو بچێتەوە بۆ تەوێڵە . ئینجا شێخ تەهاش کاتیٚ بوو بە خەلیفە و موردیدی مەولانا گەڕایەوە بۆ ناوچەکەی خۆی. بزووتنەوەی سیاسی لەو ناوچەیە سەری هەڵدا لە شەمزینان بەلاٚم هەمان بارودۆخ لە تەوێڵە و بیارە لە ئارادا نەبوو.

کۆچ : بۆچی شێخ عوسمانی تەوێڵە نەیتوانی ئەو ڕۆڵە بینێ لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیدا کە شێخ تەها لە باکور بینی؟

دکتۆر هەڵکەوت : چونکە لەو ناوچەیەی شێخ تەها بیروباوەڕی سیاسی پەرەی سەندبوو بەرەو بزوتنەوەی سیاسی دەڕۆشت و نزیکبوو لـە مەڵبەنـدی دەوڵـەتی عەسمانیـەوە کـە بیروباوەڕی سیاسی تیایدا گەشەی دەسەند. بەڵاّم ناوچەی تەوێڵە و بیارە بە پێچەوانەوە ناوچەیەکی محافیزکاربوو لەو باوەڕەشـدام هۆکـاری تـریش هـەبێ کـە پێویـست دەکـات لێکۆڵینەوە لە بارەیانەوە بکرێ تاکو بزانرێ بۆچـی تەوێڵـە نـەیتوانی وەکـو شـەمزینان بێت .

کۆچ : پێتوایە نەقشبەندیەکانی ئەمڕۆ هەمان ئەو نەقشبەندییانەن کـە مـەولانا تـوانی وەکو تەریقەت و وەکو ڕێڕەوێکی ئاینی بانگەشەی بۆ بکات؟

دکتۆر هەڵکەوت : هەمـوو تەریقـەتێك کەسـەرەتا سـەرهەڵدەدات تایبەتمەنـدێتی خـۆی هەیـە و دوایـی کـە پەرەدەسـێنێ و شـێواز و ڕێڕەوێکـی دیکـە وەردەگرێـت هـەموو بیروبۆچون و ئایدۆلۆژیایەك سیمای ئەو شوێن و ناوچەیە وەردەگرێت کـە دەبنەهـەڵگری من لێکۆلینەوەم لەسەر ئەوە نەکردوە کە پرسیاری لەسەر دەکەیت بەڵاّم هێنـدە دەڵـێم مەولانا بەرهەمی سەردەمی خۆی بوو ئەوانەی ئێستا هەن بەرهـەمی ئـەم سـەردەمەی خۆیانن .

کۆچ : ئێمە پرسیارێکمان نەماوە سەبارەت بە مەولانا و نەقشبەندی کە لە ئێـوەی بکـەین خۆتـان شتێکتان لایە کە ئاماژەمان پێنەدابێت؟

دکتۆر هەڵکەوت : من زۆرم پێخۆشە کە ئێستا بیر لەمەولانا خالید دەکرێتەوە کـە مهرەجـانی بـۆ بکەن لە ناو کوردا چونکە مەولانا لە ناو هەموو جیهـانی ئیـسلامیدا بـەناوبانگ بـووە. لـە دوای مەولانا خالیدەوە لقی وەکو لقی ئـەو دروسـت نـەبووە. هـەر بۆیـە لـە جیهانـدا بـەو لقـە دەوتـرێ تەریقەتی (نەقشبەندیە خالدیە) کە گەورەییەکەی بۆ مـەولانا دەگەڕێتـەوە و گرنگییەکـەی لـەوەدا دەبینرێ کە لقێکی نەقشبەندی دەورێکی دیاری هەبوو لە بزوتنەوەی کوردیدا.